گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Pap03

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 20/04/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 23/10/2023
ڕێـكەوتی بڵاو كردنەوە: 29/06/2025

# جۆر و تایبەتمەندێتی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەئامرازەکانی ڕاگەیاندندا

**هاونیاز سامی صابر[1] - ابتسام اسماعيل قادر[2]**

hawnyaz.saber@spu.edu.iq - ebtisam.qadr@univsul.edu.iq

[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەو ڤیدیۆییانەی کە بەرهەمدەهێنرێن، لەڕوی شـــێوازی بەرهەمهێنان و قۆناغەکانی وەک یەکن، بەڵام لەڕوی جۆرو ناوەڕۆکەوە پۆلێندەکرێن بەسەر چەند جۆرێکی جیاوازدا، بەجۆرێک لەڕوی ناوەڕۆک و تەکنیکی بەرهەمهێنان و هەروەها ماوەی بەرهەمەکەشەوە لەیەکتر جیاوازن، ئەم توێژینەوەیەی بەردەستە کاردەکات لەسەر دەستنیشانکردن و دیاریکردنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و جۆرەکان و تایبەتمەندییەکانیان و هەروەها ناســـاندنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و جیاکردنەوەیان لەیەکتر لەســەر بنەمای ماوەو درێژییان. هەوڵیشــدراوە بەکارکردن لەســەر لایەنی تیۆری و بەپشــت بەســتن بە چەندین ســـەرچاوەی زانســـتیی، ئامانجەکانی ئەم تویژینەوەیە بەدیبێن کە گرنگترینیان بریتییە لەدیاریکردنی جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەپێی ناوەڕۆک و پۆلێنکردنیان لەسەر بنەمای ماوەی بەرهەمەکان و لەبچوکترین بەرهەمەوە کە (سپۆت)ە، تا گەورەترین بەرهەم کە (دۆکیۆمێنتاری)یە، بناسێنێت و خەسڵەتەکانیشیان ڕونبکاتەوە.

دیارترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشـــتوە بریتین لەوەی کە گەورەیی و بچوکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەسەر بنەمای ماوەکەیان لەیەکتر جیادەکرێنەوە، بەڵام لەشێوازی بەرهەمهێناندا کەمیی ماوەی بەرهەمەکە نابێتە هۆی کەمبونەوەی بەهاکەی. ڕەگەزی ماوەش کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر ناساندن و پۆلێنکردنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان، جگەلەوە، ناوەڕۆکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکانیش یەکێکی ترە لەتایبەتمەندێتییە سەرەکییەکانی بەرهەمەکان. ئەنجامێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە هەمان بەرهەمی ڤیدیۆیی کەبەرهەمدەهێنرێت دەبێت ڕەچاوی ئەوەی تێدا بکرێت بۆ کام ئامرازی میدیاییەك، چونکە بەگوێرەی جۆری ئامرازە میدیاییەکەو تایبەتمەندێتی بەرهەمە ڤیدیۆییەکە گۆڕانکاریی لەبڵاوکردنەوەیاندا ڕودەدات و بۆ پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا وەک نمونە، ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کە ماوەکانیان کەم و کورتن، گرنگییان زۆرتر پێدەدرێ وەک (ســپۆت و فیچەر)، چونکە وەرگرەکانی زۆرتر ســـەیری بەرهەمی ڤیدیۆیی ماوە کورت دەکەن.

**کلیلە وشەکان** بەرهەمی ڤیدیۆیی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، سپۆت، ڕاپۆرت، فیچەر، دۆکیۆمێنتاری

# Types and Characteristics of Video Products in The Media Tools

Hawnyaz Sami Saber[1] Ebtisam Ismaeil Qadir[2]

[1]Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Media, College of Human Sciences, Sulaimani University, Sulaimani Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

In general, all video products are almost similar in terms of their production steps and styles, though in terms of types and contents, they can be categorized in to several types. Video products are also different in terms of duration, techniques of production and contents. As such, this current study explores and determines various forms and types of video products and their characteristics, in addition to introducing and classifying them based on their length and duration. Relying on many reliable sources, this study focuses on achieving several aims, in particular classifying the main types of video products based on their duration, and providing a deep understanding about various video products from the shortest one which is Spot to longest one which is Documentary Videos. This study found that video products can be classified and distinguished based on their duration, and their value does not affected if they were short. Another result of this study is that video producers should take in to their consideration for which type of media tools they produce their videos, as for social media platforms as an example, short videos are more popular and acceptable.

**Keywords:** Video Products, Media Tools, Spot, Report, Features, Documentary.

## پێشەکی

توێژەر هەوڵدەدات بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەسەر بنەمای جۆر و ناوەڕۆک و کات و تایبەتمەندییەکانیان پۆلێن بکات و ڕونیانبکاتەوە، بەمەبەستی زیاتر ناساندنی جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان.

ئەم بەرهەمە ڤیدیۆییانە یان دەتوانین بڵێین ژانرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان ئەو بەرهەمانەن کە بەشێوەیەکی گشتی لە ئامرازەکانی میدیای وەک تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت بڵاودەکرێنەوە، بەڵام لەسەردەمی نوێدا یەکێک لەم بەرهەمانە کە پێی دەوترێت (سپۆت) جگە لە تەلەڤزیۆن و ئینتەرنێت لە شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام و ناو مۆڵ و بازاڕە گەورەکانیش نمایش دەکرێن، هەر بۆیە پێویستە لەبەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمانە ڕەچاوی ئەوە بکرێت بۆ کام ئامرازەی میدیا بەرهەمدەهێنرێن چونکە تایبەتمەندێتی بڵاوکردنەوە لەئامرازەکانی میدیا جیاوازن، هەروەها بینەری ئامرازەکانیش جیاوازن.

بۆ زیاتر خستنەڕوی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و گرنگییان لەکاری میدیاییدا، توێژەر لەڕێی توێژینەوەی زانستی (میتۆدی تیۆری)یەوە کاردەکات بەئامانجی دەستڕاگەیشتن بەسەرچاوە زانستییەکان و خستنەڕویان بۆ زیاتر ناساندنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و جۆرەکانیان.

## ١: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### ١-١: کێشەی توێژینەوەکە

توێژەر کار دەکات لەسەر ئەوەی کێشەی توێژینەوەکە لەچەند پرسیارێکی سەرەکیدا بخاتەڕو، وەک:

١- ئایا ڕەگەزی کات (ماوە)ی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان تاچەند دەبێتە هۆی ناسینەوەو پۆلێنکردنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان؟

٢- ئەو تایبەتمەندییانە چین کە بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی پێدەناسرێتەوەو جیاوازییەکانیان دەخاتەڕو؟

هەروەها بەپێی گەڕانی توێژەر بەناو کتێبخانەی بواری ڕاگەیاندنی کوردیدا بۆی ڕونبۆتەوە کە سەرچاوەی زانستی تەواومان نییە لەبواری پۆلێنکردنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەیەک توێژینەوەداو ئەوەی کە هەیە بەجیا جیا باس لەبەرهەمێکی ڤیدیۆیی کراوە، بۆیە توێژەر ئەمەی وەک کێشە و کەموکوڕی بینی کە لەم بوارەدا هەیە و جگە لەناساندنی بەرهەمەکان و پۆلێنکردنیان بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانیان، هەموویانی لەیەک توێژینەوەدا کۆکردۆتەوە.

### ١-٢: ئامانجی توێژینەوەکە

هەمو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستە ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، لەم سۆنگەیەوە توێژەر کاردەکات لەم توێژینەوەیەدا بگات بە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان:

١-خستنەڕوی ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی پێدەناسرێتەوە لەئامرازەکانی ڕاگەیاندندا.

٢- ڕەگەزی کات (ماوە)ی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و گرنگییان بۆ جیاکرنەوەو پۆلێنکردنیان لەیەکتر.

٣- پۆلێنکردنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەپێی ناوەڕۆک و ماوەکانیان لەبچوکترین بەرهەم تا گەورەترین بەرهەمی ڤیدیۆیی.

### ١-٣: گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی زانستییەوە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خراونەتەڕو:

١-سەرچاوەی زانستی تەواو کە هەمو بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی کۆکردبێتەوەو پۆلێن کردبێت بەکوردی نیە.

٢- ئەم توێژینەوەیە گرنگی بۆ مامۆستایان و خوێندکارانی بواری میدیا هەیە بەجۆرێك دەبێتە سەرچاوە بۆ توێژینەوەو وانەکانیان.

٣- ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ڕێنیشاندەرو سەرچاوە بۆ ئەو میدیا کارانەی لەبواری بەرهەمهێنانی ڤیدیۆییدا کاردەکەن.

٤- بەهۆی ناساندنی بەرهەمی ڤیدیۆیی (سپۆت) بەشێوەیەکی زانستی، دەبێتە سەرچاوەو ڕێنماییکار بۆ شارەزایانی بواری ڕیکلام.

٥- دەبێت بەرهەمهێنانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەڕوی کات و ماوەوە جیاوازییان هەبێت بۆ چ ئامرازێکی میدیا بەرهەم دەهێنرێن.

### ١-٤: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە

بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامێکی دروست و زانستی توێژەر جۆری میتۆدی توێژینەوەی تیۆری بەکارهێناوە، کەتێیدا هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا پەیڕەو دەکرێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری و ڕاستییەکانی پەیوەست بەگۆڕاوە بنەڕەتییەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان، لەتوێژینەوە زانستییە تیۆرییەکاندا توێژەران ئەو تێبینی و یاسا و پەیوەندییانە دەنوسنەوەو ئەو دیاردانە بەیەکەوە دەبەستنەوە کە توێژەران چاودێرییان کردون. (الجابري، ٢٠١٤، ٨٦)

توێژینەوەی زانستی تیۆری بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر تیۆری و گریمانە زانستییەکان دامەزراوە، بۆیە ئەو سەرچاوەی زانیاریانەی کە توێژەر پشتی پێدەبەستێت لەم توێژینەوەیەدا ئەو زانیارییە گرنگانەن کە سەبارەت بەبابەتی توێژینەوەکانی پێشو، یان لە کتێبە زانستییە باوەڕپێکراوەکان یان توێژینەوە زانستییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی یان لەماڵپەڕە متمانەپێکراوەکانی ئینتەرنێتەوە وەرگیراون، هەروەها ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی زانستی تیۆری دەستراگەیشتنە بە زانست و تیۆرییەکان و نوێکردنەوە و پەرەپێدانی زانست و تیۆری و گریمانە زانستییەکانە.(الخضرے ٢٠٢٠، ٥٤)

### ١-٥: توێژینەوەکانی پێشو

### ١-٥-١: توێژینەوە عەرەبییەکان

١- توێژینەوەی (مصطفی حمید الطائي) 2019، "معایير الجوده والابتكار فی الانتاج التلفزیونی" بەناونیشانی (پێوەرەکانی کوالیتی و داهێنان لەبەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنیدا)، توێژەر کاریکردوە لەسەر ئەو چەمکانەی کە پەیوەستن بەبابەتی کوالێتی و داهێنان و بەرهەمهێنانەوە، هەروەها لەئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەدا هەوڵیداوە ئەو پێوەرانە بخاتەڕو کە هەڵسەنگاندن بۆ ئاست و کوالێتی بەرهەمە ڤیدیۆییە تەلەڤزیۆنییەکان دەکەن.

ئاماژەی بەوەشداوە کە جوانی و پێوەری گرتە تەلەڤزیۆنییەکان چۆن دەبنە داهێنان لەبوارەکەدا. هەروەها ویستویەتی بزانێت جوانی گرتەکان پێوەرن بۆ کوالێتی و ئاستی بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکە.

بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر بەمیتۆدی وەصفی بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوەو پاشان بۆ گەیشتن بەئەنجام پشتی بەڕێگای شیکاری ناوەڕۆک بەستوە، هەروەها ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری وەک (فۆرمی ڕاپرسی و تێبینیکردنی توێژەری) بەکارهێناوەو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هەمو

دامەزراوە میدیاییە حکومی و ئەهلییەکانی وڵاتی (الامارات العربیة المتحدة) بوە، لەسەر سامپڵی ئەوکەسە شارەزاو پسپۆرانەی کە لە میدیای وڵاتی ئیمارات لەنێوان ساڵانی ٢٠١٨ – ٢٠١٩ کاردەکەن.

لەئەنجامدا گەیشتوە بەوەی کە پێوەرە سلوکییەکانی جەماوەر کاریگەرییان هەیە لەسەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکان، بەتایبەت لەڕوی کوالێتییەوە. هەروەها گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە توانا هونەرییەکان و تەکنیکییەکان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیەو ڕەگەزی سەرەکین لەبەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا. (الطائي، ٢٠١٩)

**١-٥-٢: توێژینەوەی ئینگلیزی و زمانەکانی تر:**

١-توێژینەوەی (Seow C. W.Brian 2020) بەناونیشانی:

"Social Media and Election Campaign on You tube: Analyzing User-generated Video in Kaohsiung Mayoral Election"

توێژینەوەی (Seow C. W.Brian) بەناونیشانی: (سۆشیال میدیا و هەڵمەتی هەڵبژاردن لەیوتیوب: شیکردنەوەی بەکارهێنەر- ڤیدیۆی دروستکراو لە هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانی کاوسیونگ) باسی گرنگی سۆشیال میدیا دەکات لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بەتایبەت پلاتفۆرمیYou tube، ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کە لەپلاتفۆرمەکە بڵاوکراونەتەوە لەبارەی هەڵبژاردنی شارەوانی(Kaohsiung)، هەربۆیە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کە سۆشیال میدیا بەشێوەیەکی فراوان وەك پێداویستی لەهەڵمەتی سیاسی و هەڵبژاردندا لەوڵاتانی پێشکەوتو دواکەوتو یان تازەپێگەیشتوە پشتی پێدەبەسترێت. هەروەها بەرهەمی ڤیدیۆیی وەك ئامرازێکی تازەی سیاسی لەڕێی بڵاوکردنەوەی لەئینتەرنێتەوە گرنگی پێدەدرێت.

بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر بەمیتۆدی وەسفی و بەهۆی فۆرمی ڕاپرسییەوە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەدیهێناوە.

لەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە سۆشیال میدیا بەتایبەت پلاتفۆرمی یوتیوب وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیاری سیاسی لەلایەن دەنگدەرانەوە بەکاردەهێنرێت و ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی لێرە بڵاودەکرێنەوە کاریگەری لەسەر بیروبۆچون بڕیاردانیان دروست دەکات، هەروەها ئەو ڤیدیۆیانەی کەبڵاوکراونەتەوە زۆربەی تۆماری سادەن لەسەر گوتار و ڕوداوەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنن و نەبونەتە هۆی گواستنەوەی هەڵوێستێك یان ڕایەکی سیاسی ڕون، هەربۆیە کاریگەریی سنورداریان لەسەر هەڵوێستی سیاسی هەبو. بەڵام شێوازی بەرهەمی ڤیدیۆیی دەقی ڤیدیۆیی بەرهەمهێنراو لەلایەن بەکارهێنەر (UGVs) پڕە لە هەستو سۆز جوڵاندن، بۆیە کاریگەریی بەهێزی هەبوە لەسەر ڕاوبۆچون و بڕیاردانی دەنگدەران.(Bria، 2020)

٢- توێژینەوەیSoobum Lee, Won-Ki Moon. (2017) بەناونیشانی:

" Videostyle of televised political advertising in Korean presidential elections"

توێژینەوەی (LEE, MOON, 2017) بەناونیشانی (بەکارهێنانی شێوازی بەرهەمی ڤیدیۆ لەریکلامی سیاسی تەلەڤزیۆنی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆریادا)، توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە جۆری ئەو ڤیدیۆی ڕیکلامە سیاسیانەی کە لەتەلەڤزیۆن بڵاوبۆتەوە بخاتەڕو، هەروەها خستنەڕوی چۆنێتی ئەو بیرۆکە و ستراتیجانەی کە کاندیدەکان لەرێی گرتە ڤیدیۆیە ڕیکلامییەکانەوە کاریان لەسەرکردوە لەتەلەڤزیۆندا.ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم کارە پێنج هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆریای لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢ تا ٢٠١٢) وەرگرتوە.

توێژینەوەکە بەرهەمە ڤیدیۆییەکانی بەسەر دو گروپدا دابەشکردوە، یەکەمیان ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کە کاریان لەسەر دۆزەکان کردوە، ئەویتریان ئەو بەرهەمە ڤیدیۆییانەی کاریان لەسەر وێنە و ڕوانگە کردوە، هەروەها ڕیکلامی هەردو حزبی سەرەکی کۆریای وەرگرتوە (پارێزگاران و ئازادیخوازەکان). توێژەر بۆ گەیشتن بەئەنجامەکان میتۆدی وەسفی بەرێگای شیکاری ناوەڕۆک و ڕاپرسی بەکارهێناوە تا لەکۆتایدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەمشێوەیە بوە:

-جیاوازی هەیە لەنێوان تەکنیکی بەرهەمهێنانی زارەکی و نازارەکیدا لە ڕیکلامەکاندا.

-بەرهەمی ڤیدیۆیی جۆراوجۆر بەرهەمهێنراون بەئامانجی باشتر گەیاندنی پەیامەکان بە وەرگران. ( Moon & Lee, 2017)

## ٢: بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و جۆر و تایبەتمەندییەکانیان

توێژەر جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان دەناسێنێت و دەیانخاتەڕو وەك: (سپۆت، هەواڵ، ڕاپۆرت، فیچەر، بەرنامەی چاوپێکەوتن، دۆکیۆمێنتاری)، هەروەها تایبەتمەندێتی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەڕوی ماوەو کوالێتی و ناوەڕۆکەوە، دەبنەهۆی جیاکردنەوەیان لەیەکتر، ڕاستە هەمو بەرهەمێکی ڤیدیۆیی بەقۆناغەکانی بەرهەمهێناندا تێدەپەڕێت، بەڵام ماوەو ناوەڕۆکی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکە خاڵی جیاکارییە لەنێوان بەرهەمە ڤیدیۆییەکاندا، بۆیە توێژەر ئەم تایبەتمەندییانە دەخاتەڕو تا چۆنێتی جیاکردنەوەی بەرهەمێکی ڤیدیۆیی لەوانیتر ڕونبکاتەوە.

بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەچوارچێوەی چەند جۆرێکدا کۆبونەتەوەو بەپێی ماوەی بەرهەمەکە و شێوازو ناوەڕۆک و تەکنیکی بەرهەمهێنانەکەی هەر یەکەیان و لەچوارچێوەی چەمکێکی میدیای و ناوێکدا ڕێکخراون، کە بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانیان ناویان وەرگرتوە کە پێکدێن لە (سپۆت، هەواڵ، ڕاپۆرت، فیچەر، بەرنامەی چاوپێکەوتن، دۆکیومێنتاری... هتد).

توێژەر لەم بەشەدا هەوڵدەدات جۆرەکانی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان و تایبەتمەندییەکانیان و بنەماکانیان بناسێنێت.

## ٢-١: سپۆت (پارچەی ڤیدیۆیی)

ئەم جۆرە لەبەرهەمی ڤیدیۆیی سەرەتا لەتەلەڤزیۆنەوە دەرکەوت و دواتر بۆ بەرهەمهێنانی ڕیکلامی پشتی پێدەبەسترا، چونکە ماوەی گەیاندنی پەیامە ڤیدیۆییەکە لەنێوان ٣٠ بۆ ٦٠ چرکەدا دەگەیەندرێت بەجەماوەر،( Reinares,2013, 170) هەروەها لەنێوان بەرنامەکاندا بەشێوازی ناوبڕی ڕیکلامی پەخش دەکرا، بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی ڕیکلام بیریان لەوەکردەوە ئەم سپۆتانە لەرێی چەندین ئامراز و پلاتفۆرمی میدیاییەوە بڵاوبکەنەوە بەمەبەستی زۆرتر گەیاندنی

پەیامە ڕیکلامییەکان بە بەکاربەران. هەربۆیە لەســەردەمی نوێدا ئەم ســپۆتانە جگە لەوەی لەناو بەرنامەکانی تەلەڤزیۆندا یان لەپێش یان لەپاش بەرنامەیەکی دیاریکراو پەخشــدەکرێن، لەســەر ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و پلاتفۆرمەکانی سـۆشـیاڵ میدیاش ئەم ســپۆتانە پەخش و بڵاودەکرێنەوە، هەروەها لەســەر مۆبایلە زیرەکەکانیش بڵاودەکرێنەوە لەو کاتانەی کە ئەپڵیکەیشــنێک دادەگرین، بۆ نمونە کاتێک یارییەکی مۆبایل دادەگرین لەســەر مۆبایلەکانمان و دواتر کە دەیکەینەوە هەمو جارێک سپۆتی ڕیکلامی دەکرێتەوەو دێتە بەردەستمان. سەرەڕای ئەوەی ئەم سپۆتە ڤیدیۆییانە دەکرێ دەستکاری بکرێت و بەشێوەی سپۆتی دەنگی لە ڕادیۆ پەخش بکرێن. (airtory.com, 2021)

بەو پێیەی ماوەی ســپۆت کورت و خێرایە لەگەیاندنی پەیامدا بۆیە زۆربەی بەرهەمهێنەرانی کارە ڤیدیۆییەکان پشــتی پێدەبەســتن بۆ دروســتکردنی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان، چونکە دەتوانن لەماوەیەکی کورتدا پەیامێکی پڕمانا بگەیەنن بەجەماوەر. ئەمە جگە لەوەی لەبەرهەمهێنانی بەرهەمە ڤیدیۆییە سـیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و..هتد، بەشـێوەیەکی بەرچاو پشتی پێدەبەسترێت. (Reddy& Aronson,stam,1998, 3)

توێژەر لەگەڵ ئەو بۆچونەدایە کە ماوەی ســپۆت زۆر گرنگە کورت بێت و لە(٦٠) چرکە تێپەڕ نەکات، هەرچەندە بەرهەمهێنەرانی (سپۆت)ەکان، کەمتر پابەندی ئەم ماوەیەدەبن و زۆربەی (سپۆت)ەکانیان لە (٦٠) چرکە تێپەڕ دەکات، هەروەها واباشە (سپۆت) ناوەڕۆکێکی پوختی هەبێت و پەیامەکە بەخێرایی بگەیەنێت، چونکە سپۆتەکان لە (تەلەڤزیۆن، سۆشیاڵ میدیا، ئامێرە زیرەکەکان و شاشەی دیجیتاڵی سەرشەقام) بڵاودەکرێنەوە.

## ٢-٢: هەواڵی تەلەڤزیۆنی (ڤیدیۆیی)

هەواڵ نوێنەرایەتی پایەیەکی گرنگی کاری ڕاگەیاندن دەکات و پەیامێکی گرنگ و دیارە لە تواناســازیکردنی خەڵک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕوداوە ناوخۆیی و جیهانییەکان، هەروەها نوێنەرایەتی یەکێک لەو بناغە بنەڕەتیانەی کە دەبێتە هۆی دروســتکردنی بیروبۆچون و تێڕوانینەکانی مرۆڤ بۆ بـابەتەکـانی ژیـان، (المركز العربي للبحوث المســتمعين والمشــاهدين، ١٩٨٢، ٣٦) هەواڵی تەلەڤزیۆنی پشــت دەبەســتێت بەوێنەی جوڵاو و ڕونکردنەوەی دەنگی لەســەر ڕوداوەکە، بەجۆرێک ڕاســتی وەک خۆی دەگوازێتەوە و ڕاســتەوخۆ کاریگەریی لەســەر بینەر دروســتدەکات.(مكاوي، ١٩٨٩، ٢١)

هەواڵی تەلەڤزیۆنی پشت دەبەستێت بە گرتەی تۆمارکراو یان ڕاستەوخۆی ڤیدیۆیی (دەنگ و ڕەنگ) کە کاریگەری و ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەگرنگی پێدانی وەرگر (بینەر) بۆ بابەتەکە، ســەرەڕای ئەوەی ڤیدیۆی ڕاســتەوخۆی ڕوداوەکان ســنوری کات و شــوێن دەبەزێنێت و کاریگەرییەکی بەهێز لەســەر هزری وەرگر دروســت دەکات، کە ئەمە تایبەتمەندی میدیای سەردەم و نوێیە.(نصر وعبدالعزيز، ٢٠٠٠، ٦٣)

هەواڵی ڤیدیۆیی یان تەلەڤزیۆنی بۆ کاریگەریی دانان لەسەر وەرگر پشت دەبەستێت بە (وێنەی جوڵاو، دەنگ، وێنەی ڕونکردنەوەیی و گرافیکی وەســتاو یان جوڵاو)، چونکە ئەم ڕەگەزانەی هەواڵی تەلەڤزیۆنی دەتوانن زانیاری و ڕوداوەکان بەشــێوەیەکی کاریگەر بگوێزنەوە بۆ جەماوەر،(عبد الحميد، ٢٠٠٥، ٣٦٠) هەربۆیە هەواڵســازەکان لەکاتی داڕشــتنی هەواڵی تەلەڤزیۆنیدا ئەم بنەمایانە ڕەچاودەکەن: بەکارهێنانی وێنە و ڤیدیۆ دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی وشــەی نوسراو، هەروەها ڕەچاوی ئەوەدەکەن بینەر ســەرەتا وێنە ببینێت پاشــان گوێ لەدەقەکان بگرێت.(شرف، ٢٠٠٣، ١٦٧) ئەمە

سـەرەڕای ئەوەی کە هەسـتی بینین و بیسـتن کاریگەری خێرای هەسـتپێکردن بە ڕوداوەکانی لەسـەر وەرگر دەبێت لەڕێی پیشـاندانی (ڕەنگ و دەنگ و جوڵە) کە کاریگەریی سـایکۆلۆجی لەسـەر وەرگر دروسـتدەکەن و وێنەی جوڵاو دەبێتە کاریگەریی لەسـەر ویژدان و ئەقڵی وەرگر دروسـتدەکات، کە دەبێتەهۆی دروسـتکردنی پەیوەندی لەنێوان جەماوەرو تەلەڤزیۆندا.(العبد، ٢٠٠٧، ١٠٥)

دیارە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەتەلەڤزیۆندا بەچەند شـێوازێکە کە لەچوارچێوەی بەرنامەی هەواڵیدا ڕێکخراون، بەڵام ئەم بەرنامانە تەنها هەواڵ پێشکەش ناکەن، بەڵکو ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنیشـیان تێدایە. بەشـێوەیەکی گشـتی هەواڵەکان لەڕوی تەکنیکی بەرهەمهێنانەوە لەم جۆرانەی بەرنامەی هەواڵدا پێشکەشدەکرێن:

١-هەواڵنامەی کورت یان کورتەی هەواڵ، ئەم فۆرمە دو جۆرن، یەکەمیان: بەشـێوەی سـەربەخۆو لەکاتێکی دیاریکراوی ماوەی پەخشیـ ڕۆژنەدا پەخشـدەکرێن، لەچەند هەواڵێکی ماوە کورت و لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هەواڵی (١ تا ٥) خولەکی پێشـکەشـدەکرێن کە بەشـێوەیەکی ڕێژەیی ئاسـتی ناوەندیی ژمارەی هەواڵەکان (٥) هەواڵ پێشکەشدەکرێن. (عبدالصاحب، ٢٠٠٥، ٥٤) جۆری دوەم: زۆربەی کات ئاگادارکردنەوەیە لەهەواڵنامەی درێژو بەچەند ناونیشانێک کە لەهەواڵنامەوە بەرهەمهاتون، جەماوەر ئاگاداردەکەن لەهەواڵنامەکەدا کە چەند خولەکێکی تر پێشکەش دەکرێت چ هەواڵ و زانیارییەکی تێدایە یان هەندێک جار چەند هەواڵێکی ماوەکورت پێشـکەش دەکرێت کە ماوەکەی (٩٠) چرکەیە.(محمد، ٢٠٠٦، ١٠٣)

٢-هەواڵنامەی مامناوەند، کە لەچەند هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن پێکدێن و ماوەکەی لەنێوان (١٠ تا ١٥) خولەکدایە.(عبده، ٢٠١٥، ٧٩)

٣-هەواڵنامەی درێژ، کە لەچەند هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنێک پێکدێن و ماوەکەی لەنێوان (٣٠ تا ٤٥) خولەکدایە. (آل حسان، 1999، 77)، (عبده، ٢٠١٥، ٧٩)

٤-شریتی هەواڵ (News feed)، ئەم شـێوازە تەنها لەڕێی نوسـینەوە هەواڵەکان پێشـکەش دەکرێن. بەشـێوەیەک لەبەشی خوارەوەی تەلەڤزیۆن بەشـێوازی ڕسـتەی یەک لەدوای یەک لەباری ئاسـۆیی پەخشـدەکرێن.(خلیل، ٢٠٠٨، ٨٨)، شریتی هەواڵ، بریتییە لەپێشکەشکردنی هەواڵی نوسراوی جوڵاوی ڤیدیۆیی کە لەتەلەڤزیۆندا پێشکەشدەکرێن بۆ ئاگاداربونی خێرای جەماوەر لەڕوداو و گۆڕانکارییە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان، کە ماوەکەی بۆ یەکجاری پەخشـکردن لە (٣) خولەک تێپەڕناکات و لەماوەی تێکڕای بینینی وەرگر کە یەک سـەعاتە ئەوا (٢٠) جار ئەم شریتە پیشـان دەدرێت، هەروەها ماوەی یەک هەواڵی ناوشریتەکە نابێت لە (١٥) چرکە تێپەڕبکات. ئەمە لەکاتێکدا ئەو هەوالانەی لەناو هەواڵنامەدا پێشکەشدەکرێن لە (٦٠) چرکە تێپەڕدەکەن. (عیاد، ٢٠٠٩، ٨-١٠)

٤- بڕینی بەرنامە (Break news)، ئەم شێوازە کاتێک پێشکەش دەکرێت کە ڕوداوێکی گرنگ ڕودەدات و نابێت کاتی بڵاوکردنەوەی دوابخرێت و دەبێت هەر ئێسـتا بڵاوبکرێتەوە، بۆیە هەر بەرنامەیەکی تر لەپەخشـدابێت ڕادەگیرێت و هەواڵە گرنگەکە پەخش دەکرێت، هەندێک جار ئەم ڕوداوە گرنگانە وێنەی ڤیدیۆییانە هەیەو هەندێکجار تەنها تێکسـتێکە و دەخوێنرێتەوە، (شـلبي، 1987، ١٢٧) بەڵام لەدنیای نوێدا بەهۆی پێشـکەوتنەکانی تەکنۆلۆجیاوە ئەم ڕوداوە گرنگانە هەندێکجار تەنها لەڕێی نوسـینی تیکەرێکی (Tiker) وەسـتاو کە بەگرافیک دروسـتکراوە لەبەشی

خوارەوەی شـــاشـــەی تەلەڤزیۆن یان لەڕێی باینەرێکەوە (Banner)، (www.google.com ، ٢٠٢٣) لەماڵپەڕو پلاتفۆرمەکانی ئینتەرنێت پیشـــان دەدرێن و بڵاودەکرێنەوە، بەمەبەســـتی خێراگەیاندنی زانیارییەکان. (www.theregister.com، ٢٠٢٣)

هەرچەندە هەواڵەکان بەپێی گرنگی و بەهاکانیان ماوەکانیان جیاوازن، بەڵام واباشـــترە هەواڵە ڤیدیۆییەکانی کە لەتەلەڤزیۆن بڵاودەکرێنەوە ماوەی هەر هەواڵێک لە (٩٠) چرکە تێپەڕنەکات تا بینەرو وەرگرەکان تاقەتی وەرگرتنیان هەبێت و وەڕزنەبن لەهەواڵەکە، هەروەها ئەو هەواڵە ڤیدیۆییانەی لەپلاتفۆرمەکانی ســـۆشـــیاڵ میدیا بڵاودەکرێنەوە، واباشترە ماوەکانیان بۆ هەر هەواڵێک لە (٦٠) چرکە تێپەڕ نەکات.

### ٢-٣: ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی

جۆرێکە لە جۆرەکانی خزمەتگوزاری هەواڵی تەلەڤزیونی، کە کار لەسەر ڕونکردنەوەو وردکردنەوەی زیاتری هەواڵەکان دەکات، بەمەبەستی زیاتر گەیاندنی زانیارییەکانی ڕوداوەکان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەو واقعیانە تر. لە ماوەیەکی زەمەنی لەنێوان (دو خولەک تا دو خولەک و ٣٠ چرکە)دا پەیامەکان دەگەیەنێت،(الرفاعی، ٢٠٢٠، ١٩٩) بەڵام هەندێکجار ماوەکەی تا (٣) خولەک درێژە دەکێشـــێت.(www.bbc.com, 2023) ماوەی ڕاپۆرتی دو خولەک و نیو یان (١٥٠) چرکەیی بەمجۆرە دابەشـــدەکرێت: (٨٠ چرکە بۆ خوێندنەوەو کۆمێنتی ڕیپۆرتەر، ٤٠ چرکە بۆ چاوپێکەوتنەکان، ١٠ چرکە بۆ دەنگی سروشتی شوێنەکە، ٢٠ چرکە بۆ خوێندنەوەی هەواڵی ڕاپۆرتەکە لەلایەن بێژەرەوە) ئەم ماوەیە دەکرێت کەمێک زیاتر یان کەمتر بێت. (البقالي، ٢٠٢٢، ٦٨) لەڕاپۆرتدا ڕۆژنامەوان بە شێوەیەکی ڕێکسازی و گونجاو، ڕوداوەکان یان چیرۆکەکان بەڕێگەی وێنەی جوڵاو و تێکستی پوخت و کورت ئەسازێنێ.(الدليمي، ٢٠١٠، ١٧٩) ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی دەکرێ لەسەر هەواڵ و بابەتێکی گەرم و گرنگ یان بابەتێکی ئاسایی بکرێت، بەڵام لەهەردو بارودۆخەکەدا دەبێت وەڵامی شەش پرسیارە سەرەکییەکی هەواڵ (کەی، کێ، لەکوێ، چی، چۆن، بۆچی) بداتەوە.(الجفيري، ٢٠١٥، ٤١)

لەڕوی شێوازو تەکنیکی پێشکەشکردنەوە ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی دو جۆری هەیە: ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆ (زیندو)، ڕاپۆرتی تۆمارکراو. لەڕاپۆرتی زیندودا، ڕاســـتەوخۆ ڕوداوەکان دەگوازرێتەوە بەبێ دەســـتکاریکردن وەک خۆی، بەڵام لەڕاپۆرتی تۆمارکراودا، دەکرێ کاری مۆنتاج لەسەر گواستنەوەی ڕوداوەکان بکەین و کاتی بڵاوکردنەوەکەی و ماوەکەی دەستنیشان بکەین. بەڵام لەهەردو جۆرەکەدا ئامادەکاری پێشـــوەختە دەکرێ وەک ئامادەکردنی کەســـەکان و شـــوێنەکان بۆ چاوپێکەوتن و کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییە دەنگییەکان و ڕوناکی و ... هتد.(شاهین، ٢٠٢٠، ٢٤٢)

لەکاتی چاوپێکەوتنی کەسانی ئاسایی (Vox pop) دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین کە:(الرفاعي، ٢٠٢٠، ٢٠٣-٢٠٤)

-چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێک بکەین ئاگاداری بابەتەکە بن.

-ئەو پرسیارەی ئاراستەیان دەکرێت دیاریکراوبێت و یەکجۆر بێت تا دواتر بتوانین بەراوردی وەڵامەکانیان بکەین.

-نابێت ماوەی چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ یەک کەس لە (١٠) چرکە زیاتربێت، هەربۆیە نابێت لە (٣٠) چرکە زیاتریش چاوپێکەوتن ئەنجامبدرێت، واتە دەبێت (٢ تا ٣) کەس لەماوەی (٣٠) چرکەدا قســـە بکەن.(Cushion,2018)، بەڵام

هەندێک سەرچاوەیتر ئاماژە دەکەن چاوپێکەوتنی ناو ڕاپۆرت دەکرێت (٤٠) چرکە بێت، بەجۆرێک ئەگەر دو چاوپێکەوتن ئەنجامبدەین ئەوا بۆ هەریەکێکیان (٢٠) چرکە زیاتر نەبێت.(البقالي، ٢٠٢٢، ٦٨)

-ئەم شێوازی چاوپێکەوتنە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ڕاپرسی لەسەر بابەتێک کە مشتومڕی لەسەر بێت و جیاوازی بیروبۆچون هەبێت لەسەر مەسەلەکە ئەنجامدەدرێت.

توێژەر پێیوایە لەنێوان ئەم دو بۆچونەی سەرەوەدا دەکرێ بۆچونێکی تر بخەینەڕو تا بتوانین چاوپێکەوتنەکە دەوڵەمەندتر بکەین، ئەویش بەجۆرێک دەکرێ چاوپێکەوتن لەگەڵ (٣ تا ٤) کەس بکەین بەمەبەستی دەوڵەمەندترکردنی ڕاپۆرتەکەو لەهەمان کاتدا لە (٤٠) چرکە زیاتر نەبێت.

لەڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنیدا چەند ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆڵیان هەیە لە سەرنجڕاکێشی ڕاپۆرتەکەدا، وەک:

١-وێنەی ڤیدیۆیی، کە چەند جۆرێکی هەیە ئەوانیش بریتین لە:

أ-وێنەی ڤیدیۆیی (فیلم)، ئەم جۆرە ئەو ڤیدیۆیانە دەگرێتەوە کە لەشوێنی ڕوداو تۆمارکراون و ڕاستەوخۆ ڕوداوەکەمان وەک خۆی بۆ دەگوێزێتەوە،(الهيتي،٢٠٠٧، ١٠٧) کە بنەمای سەرەکی پرۆسەی پەیوەندیکردنە لەڕاپۆرتەکەوە بەوەرگرەوە ئەمە سەرەڕای دەنگی زیندوی ڕاپۆرتەکەش لەگەڵ وێنە ڤیدیۆییەکەدا کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر بیرکردنەوەی وەرگر.(فياض، ٢٠٠٥، ١٩)

ب-وێنەی ڕونکردنەوەیی (گرافیک)، هەندێکجار وێنەی ڤیدیۆییمان نیە یان بەپێ پێویست نیە، یان دەمانەوێت لەسەر بابەتەکە ڕونکردنەوەی زیاتر بدەین بە وەرگر بەتایبەت لەکاتی بونی (ژمارە و ئامار و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و... هتد) ئەوا پەنادەبەینەبەر وێنەی ڕونکردنەوەیی (گرافیک)، چونکە بۆ ڕونکردنەوەو پوختکردنەوەو سەرنجڕاکێشان و گرنگیدانی زیاتر بە بابەتەکە زۆر کاریگەرن لەخێرایی گەیاندنی زانیارییەکان بەوەرگران.(Beattie and Jones,2009, 3)

ج- وێنە و ڤیدیۆی ئەرشیفی، وێنە یان ڤیدیۆی ئەرشیفی بەکاردەهێنرێت لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتدا بەمەبەستی گێڕانەوەی مێژوی بابەتەکە، هەروەها هەندێکجار وێنەی تازە و ئێستای بابەتەکەش بکاردێت لەڕاپۆرتەکەدا.(الرفاعی، ٢٠٢٠، ٢٠٢)

٢-دەنگ، پسپۆران پێیان وایە کاری ڤیدیۆیی بە بێدەنگ ناتوانێت مانای تەواو ببەخشێت، هەربۆیە دەنگ توخمێکی جەوهەرییە لە کاری تەلەڤزیۆنیدا، بەو پێیەی تەواوکاری وێنەو ڤیدیۆکانەو پشتگیری دەکات و تێگەیشتن ئاسانتر دەکات و پەیام و زانیاری باشتر دەگەیەنێتە وەرگران و بینەران، لەڕاپۆرتدا چەند جۆرێک دەنگ لەگەڵ وێنەداهەیە کە ئەمانەن:(جازية، ٢٠١٩، ١٣٤)

أ-دەنگی ڕاستەوخۆ یان دەنگە سروشتییەکان، ئەو دەنگانەیە کە ڕاستەوخۆ لەشوێنی ڕوداوەوە دەگوازرێتەوە لەگەڵ ڤیدیۆکاندا، کەبەتەواوەتی ڕاستی ڕوداوەکان نیشاندەدات. (Francuz, 2010, 73)

ب-گرتە دەنگییەکان، ئەو گفتوگۆیانەن کە وەک لێدوان لەبەرپرسان یان چاودێران یان شایەتحاڵەکان وەردەگیرێن لەسەر بابەتەکە، بەمەبەستی زیاتر ڕاستی ڕوداوەکەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڕوداوەکە.

ج-میوزیک، میوزیک ڕەگەزی تەواوکاری وێنە و ڤیدیۆیە، هەروەها بنەمایەکی سەرەکی کاری بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنییەو ڕۆڵێکی سەرەکی لەسەرنجڕاکێشانی جەماوەردا هەیە. بەکارهێنانی میوزیک لەڕاپۆرتدا پەیوەندییەکی بەهێز لەناو ڕەگەزەکانی ڕاپۆتەکەدا دروستدەکات.(الرفاعي، ٢٠٢٠، ٢٠٣)

٣-تێکستی ڕاپۆرت، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەگواستنەوەی ڕوداوەکاندا، هەربۆیە دەبێت وێنەو ڤیدیۆکان لەگەڵ تێکستەکەدا هاوئاهەنگ بن و تەواوکەری یەکتربن. بەشێوەیەکی گشتی هەمو ڕاپۆرتێک دەبێت تێکستی پێشەکی ڕاپۆرتەکە (١٠) چرکە بێت و لەزۆرترین ماوەدا لە (٢٥) چرکە زیاترنەبێت و تێکستی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەو تێکستی کۆتایی هەبێت.(https://www.bbc.com، 2023)

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن ماوەی ڕاپۆرتەکان لەنێوان (١٥٠ بۆ ١٨٠) چرکەدایە، بۆیە توێژەر لەگەڵ ئەو بۆچونەدایە کە ماوەی ڕاپۆرتەکان (١٨٠) چرکە بێت، تا نێرەر بتوانێت بەتێروتەسەلی پەیامەکانی ڕاپۆرتەکە بگەیەنێت بەوەرگر، هەروەها بەوپێیەی ژانری گەورەتر لەڕاپۆرت (فیچەر یان ڕیپۆرتاژە) لەڕوی ماوەوە، بۆیە ئاساییە ڕاپۆرتەکان ماوەکانیان تا (٢٤٠) چرکە بێت.

## ٢-٤: چیرۆکی تەلەڤزیۆنی، فیچەر (Feature)

چیرۆکی تەلەڤزیۆنی یان (Feature) لە زمانی ئینگلیزیداو فەرەنسییەکانیش (Reportage magazine)ی بۆ بەکاردەهێنن لەمیدیای کوردیشدا وشەی (فیچەر)ی بۆ بەکاردێت، بریتییە لەڕاپۆرتێک بەشێوەی چیرۆک دەربارەی (پرسێک یان بابەتێکی ژیان) کە ڕوماڵی ڕوداوێک یان هەواڵێک ناکات، واتە سروشتێکی هەواڵی نیە، بەڵکو چیرۆکێکی تایبەتەو هەڵقوڵاوی ناو ژیانی خەڵکە وچێژێکی تایبەتی هەیە، پەیوەستە بەو بابەتانەی لەناو کۆمەڵگەدا جێی بایەخ و گفتوگۆن، چیرۆکەکان چیرۆکی ناخهەژێن یان خۆشین یان دەتوانین بڵێن (چیرۆکی خەڵکانی ئاساییبن، هەندێکجاریش چیرۆکی خەڵکانی ناودارن) کەدەکرێت (٦ تا ١٣) خولەک بێت.(البقالي، ٢٠٢٢، ٢٢-٢٥)

لەفیچەردا کار لەسەر گرتەی کورتی خێرادەکرێت بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان کەماوەی هەر گرتەیەک لە (٤٥) چرکە تێناپەڕێت، هەروەها ئەو زانیارییانەی کە لەفیچەردا پێشکەشدەکرێن وردو قوڵن، هەربۆیە دروستکردنی فیچەر پێویستی بە هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تەنانەت لەکاتی مۆنتاجدا ئەرکێکی قورسە، چونکە دەبێت ڕەچاوی گرتە بەهێز و کاریگەرەکان بکرێت تا ئامانجی سەرەکی فیچەرەکە بپێکێت. فیچەر گرنگی بەو بابەتانەدەدات کەزانیارییەکانی وەرگر زیاد دەکات لەسەر بابەتەکێکی وەک دیاردەیەک، بابەتێکی ڕۆژ، کەسێکی دیاریکراو.(ابو شنب و سعد، ٢٠١٦، ٥١)

فیچەر بە(چیرۆکی ژیان) ناسراوە، چونکە تیشک دەخاتەسەر شێوازی ژیانی واقعی کەسەکان، بەجۆرێک چۆن ژیانی ڕۆژانەی دەگوزەرێنێت و بەتایبەت ئەو کەسانەی کارێکی دیاریکراویان هەیە وەک (پۆلیسی_ هاتوچۆ، کەسێکی دەستڕەنگین، کاسبکارێک ... هتد). ئەم جۆرە ڕاپۆرتە بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر ئەوە دەکات لەدەوروبەری ئەم کەسانە ژیان چۆن دەگوزەرێت و ئەمان چۆن ژیان دەکەن، فیچەر و ڕاپۆرت لەزۆر ڕووەوە لەیەکدی جیاوازن بۆنمونە فیچەر تەنها لەسەر ژیانی کەسەکان ئەنجامدەدرێت و زۆربەی کات لایەنێکی مرۆیی هەیە، بەڵام ڕاپۆرت بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەواڵە نوێ و سەرنجڕاکێشەکان دەکرێت، لەڕوی ناوەڕۆک و ماوەوە فیچەر تا (٢٠٠٠) وشە دەنوسرێت،

بەڵام ڕاپۆرت نابێت لە (٤٠٠) وشـــە زیاتر بێت، واتە ڕاپۆرت تا نزیکە (٣) خولەک ڕێپێدراوە، بەڵام فیچەر تا نزیکەی (١٥) خولەک ڕێپێدراوە دروســـت بکرێت. دەبێت ڕاپۆرت ســـادەو وەکخۆی بگوازرێتەوە، بەڵام دەکرێ فیچەر بەزمانی گێڕانەوەبێت، تەنانەت هەندێک کات تەنها کاراکتەرەکە قسە دەکات. (www.bbc.co.uk, 2023)

بەسـەرنجدان لەم ناسـاندنانەی کە سـەرچاوەکان بۆ فیچەریان کردوە بەتایبەت لەڕوی ماوەکەیە، توێژەر لەگەڵ ئەو بۆچونەیە کە دەکرێت ماوەی فیچەر لەنێوان (٥ تا ١٥) خولەکدا بێت گونجاوترە، چونکە دەتوانرێت چیرۆکەکە باشـتر بگات بەوەرگر و لەڕوی ماوەی ئەم جۆرە بەرهەمەوە جیاوازیی لەنێوان ڕاپۆرت و دۆکیۆمێنتاریدا دەکات.

فیچەر، بریتییە لەهونەری نوسـینی چیرۆک بەمەبەسـتی گێڕانەوەی ڕاسـتییەکان لەڕێی شـێوازی ئەدەبی بۆ ئاسـانکاری لەگەیاندنی پەیامی بابەتە میدیاییەکان، هەروەها زیاتر پشـت دەبەسـتێت بە لایەنی درامی و سـۆزداری لەناو ڕوداوەکاندا بەمەبەسـتی سـەرنجراکێشـانی وەرگر، هەروەها فیچەر زیاتر گرنگی دەدات بەو بابەتانەی کە پەیوەسـتن بەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان لەچوارچێوەیەکی مرۆییدا بەشـێوازی گێڕانەوەو هونەری ئەدەبی نەک بەشـێوازی هەواڵی و پابەندبون بەقاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە، (الشرـق الاوسـط، ٢٠١٩) لەفیچەردا زیاتر تیشـک دەخرێتەسـەر کاراکتەرەکان نەک شـتومەک و کەرەســـتەکان و دەبێت شـــێوازی گێڕانەوەی مێژویی بـابەتەکـان و گرێـدانەوەی بە بـابەتە نوێکان پەیڕەو بکرێـت لەبەرهەمهێنـانی فیچەردا.(ابراهیم عبـدالعزیز، ٢٠٢٠ ٦٨) لەبەرهەمهێنـانی فیچەردا، هەوڵـدەدرێـت بـابەتەکانی ژیـانی ڕۆژانەی کەسـەکان بەشـێوازی چیرۆکئامێز و ئەدەبیانە بەپشـت بەسـتن بەژیانی واقعی دور لەبابەتی خەیاڵ و ئەندێشـە پیشانبدرێت، بەمەبەستی زیاتر کاریگەریی دانان لەسەر وەرگر بەرهەمدەهێنرێت.(الحاج، ٢٠٢٠، ٩٩)

فیچەر، بریتییە لە ئامادەکردنی ڕوداوێکی دیاریکراوی واقیعی بە شـــێوازێکی چیرۆکئامێزانە، بەپێچەوانەی شـــێوازی خستنەڕوی تەقلیدی زانیاری و داتاکان لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان، فیچەر زیاتر ڕەهەندێکی مرۆڤدۆستانەو سۆزداری ویژدانی هەیە لە ڕوی ئامادەکردنی تێکســـت و هەڵبژاردنی گرتە ڤیدیۆییەکاندا،(https://institute.aljazeera.net,2023) فیچەر تایبەتمەندیی زیندویەتی هەیە، لەبەرهەمهێنانی فیچەردا پێویســـتە چەند قۆناغێک ڕەچاوبکرێت تا فیچەرێکی سەرکەوتو بەرهەمبهێنرێت، ئەوانیش بریتین لە: (https://e3arabi.com, 2023)

- یەکەم، دانانی بیرۆکەو هێڵی گشـــتی بەرهەمهێنان بەمەبەســـتی گەیشـــتن بەو ئامانجانەی کەئەرکی میدیایە بیهێنێتەدی.
- دوەم، کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و دابەشـکردنی ئەرکی ئەو کەسـانەی کە لەبەرهەمهێنانی بەرنامەی فیچەردا بەشدارن، بەوپێیەی بەرنامەی فیچەر بەرنامەیەکی تۆمارکراوە.
- سـێیەم، دیاریکردنی سـکرێپتی کارەکەوە تێکسـتەکان و گرنگیدان بە نوسـینی یەک لەدوای یەکی ڕێکخراوی گرتەو بابەتەکان بەمەبەستی سەرنجدانی وەرگر و بەردەوامی بۆ بینین. (https://www.youtube.com, 2023)
- چوارەم، پێـداچونەوە بە هەنگاوەکانی پێشـــوداو خۆ ئـامـادەکردن بۆ جێبەجێکردن و تۆمـارکردنی بەرنـامەی فیچەرەکە.( https://www.youm7.com, 2023)
- پێنجەم، مۆنتاژکردن، کەبریتییە لەڕێکخســـتن و چاککردن و دانانی ئەو دۆکیۆمێنت و کاریگەرییە دەنگی و دەنگە تۆمارکراوانەی ناو فیچەرەکە بەشێوازی سەرنجڕاکێش و پەیوەست بە وێنە و ڤیدیۆ تۆمارکراوەکان.

توێژەر لەگەڵ ڕایەدایە کامەوی فیچەر لە (٥ تا ١٥) خولەک بێت، چونکە لەفیچەر بچوکتر لەڕوی ماوەوە (ڕاپۆرت)ە، کەماوەکەی (١٨٠) چرکە تێپەڕناکات، بۆیە دەکرێت لەدوای ئەم ماوەیەوە (فیچەر) دەستپێبکات و لە (١٥) خولەک تێنەپەڕێت، چونکە دۆکیومێنتارییەکان لە (١٥) خولەکەوە دەستپێدەکەن، هەرچەندە ئەو دۆکیومێنتارییانەی کە بۆ پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا ئامادەدەکرێن دەکرێت لە (١٠) خولەکەوە دەستپێبکەن، بەڵام لەڕوی ناوەڕۆکەوە (فیچەر و دۆکیومێنتاری) لەیەکتر جیادەکەرێنەوە.

### ٥-٢: بەرنامەی چاوپێکەوتن (Intrview)

بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن چەندین شێوەو جۆریان هەیە چ لەڕوی ناوەڕۆک یان جۆری پێشکەشکردنیانەوە، بەگشتی توێژەر جۆرەکانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لێرەدا دەخاتەڕو، وەک: (بەرنامەی هەواڵ، بەرنامەی سیاسی، بەرنامەی دیالۆگ یان گفتوگۆئامێز، بەرنامەی کۆمیدیا و سەرگەرمی، بەرنامەی ڕۆشنبیری، بەرنامەی هونەری، بەرنامەی مناڵان، زەنجیرەو دراماکان، بەرنامەی وەرزشی، بەرنامەی ئاینی، بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، بەرنامەی بنکۆڵکاری)، بەڵام وەک ناساندن و تایبەتمەندی گرنگی دەدات بە بەرنامەی چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی بەو پێیەی ژانرە میدیاییەکان بەگشتی لەچوارچێوەی (سپۆت، هەواڵ، ڕاپۆرت، فیچەر، چاوپێکەوتن و دۆکیومێنتاری)دا، بەرهەمدەهێنرێن و دواتر بەچەند جۆرێک و لەقاڵبی جیاوازدا پێشکەشدەکرێن. بۆنمونە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی وەک هەواڵنامە لە (هەواڵ، ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن) پێکدێت، بەڵام بەرنامەی چاوپێکەوتن لەدەرەوەی هەواڵنامە پێشکەشدەکرێت بەشێوازێکی سەربەخۆو بەقۆناغەکانی بەرهەمهێناندا تێدەپەڕێت. بۆیە توێژەر گرنگی بە بەرنامەی چاوپێکەوتن دەدات وەک ژانرێکی میدیایی سەربەخۆی بەرهەمهێنان.

بەرنامەی گفتوگۆئامێز (دیالۆگ) لەچەند شێوەو شێوازێکی جیاواز خۆیان دەنوێنن، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو شێوازەیەک کە لەشێوەی بەرنامەیەکی تەواوی تەلەڤزیۆنی یان ئینتەرنێتی خۆیان نمایش دەکەن کە چەندین تایبەتمەندی و شێوەی خۆنمایشکردنیان هەیە. بۆنمونە پۆلێنکارییەکی دیاری بەرنامە گفتوگۆئامێزەکان ئەوەیە کە لەسەر بنەمای شێوەی بەرنامەکە دابەش دەبن بۆ سێ جۆر (ئاخاوتن، چاوپێکەوتن، گفتوگۆ)، (السید، ١٩٩٩، ٢٩٥) توێژەر هەوڵدەدات بەرنامەی (چاوپێکەوتن) بناسێنێت و ڕونبکاتەوە، چونکە تەلەڤزیۆنەکان و میدیای ئینتەرنێتی لەم سەردەمەدا زۆرتر بەکاری دەهێنن و پشتی پێدەبەستن بۆ گەیاندنی زانیاری و پەیامەکانیان بەراورد بەجۆرەکانی تری بەرنامە.

چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی بریتییە لەگۆڕینەوەی بیروبۆچون و بیروڕا لەنێوان ڕۆژنامەوان و میوانەکەیدا لەسەر بابەتێک کە گرنگە لەلای جەماوەر و خەڵک. (عبدالمجید، ١٩٩٦، ١٤٥) چاوپێکەوتن لەسەر ئەو ڕوداو و هەواڵانە دەکرێت کە ڕوویانداوە یان ئەگەری ڕودانیان هەیە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو شارەزا ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی زیاتر ڕونکردنەوەو ئاگاداربونی خەڵکی لەبابەتەکان، چونکە چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی کاریگەرترە بۆ سەرنجڕاکێشانی وەرگر یان جەماوەر بۆ بابەتی گفتوگۆ لەسەرکراو، بەو پێیەی چەندین ڕونکردنەوەو لێکدانەوەی جیاواز لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت کە دەکرێ وەرگر و خەڵک بیریان لێی نەکردبێتەوە. (أیوروفسکي، ١٩٩٠، ١٢٨)

چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی، بریتییە لە گفتۆگۆی نێوان دولایەن، لایەنی یەکەم ڕۆژنامەوان یان ڕاگەیاندنکار لەگەڵ لایەنی دوەم کەمیوانی بەرنامەکەیە کەدەکرێت لەکەسێك زیاتر بێت. ئەم گفتوگۆیە بە مەبەستی پێدانی زانیاری و ڕونکردنەوەی بابەت و ڕوداوەکانی ڕۆژە بەجەماوەر تا تێگەیشتن و لێکدانەوەیان هەبێت بۆ ڕوداوەکانی دەوروبەریان، هەروەها بەمەبەستی وروژاندنی هەستی جەماوەرە لەسەر بابەتی دەستنیشانکراو بۆ گفتوگۆکردن. (الطائي، ٢٠١٩، ٥٨)

زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەرئەوەی کە چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی بریتییە لەدانیشتن یان دیدارێکی گفتوگۆئامێز لەنێوان ڕاگەیاندنکار و کەسێک یان زیاتر بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی کە لەلای جەماوەر گرنگن، بەواتای ئەوەی گفتوگۆی تەلەڤزیۆنی بریتییە لەڕاگۆڕینەوە لەنێوان هەردو لایەنی گفتوگۆکە بەئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری و خستنەڕوی بۆ جەماوەر بەنوێنەرایەتی جەماوەر. (خضور، ٢٠٠٢، ٣٨-٤٠)

چاوپێکەوتنێ تەلەڤزیۆنی (ڤیدیۆیی) لەسەر بنەمای جۆراوجۆ پۆلێن دەکرێن، بەڵام توێژەر گرنگیداوە بەو سێ جۆرە سەرەکییەی کە لەڕوی ئامانج و ناوەڕۆک و بابەتەوە پۆلێن کراون، چونکە توێژەر ڕای وایە لەڕوی تەکنیک و بەرهەمهێنانیشەوە تایبەتمەندیی ئەم سێ جۆرە جیاوازن، کە بریتین لە: (الحاج و خضور، ٢٠٠٥، ٥٦)

١-چاوپێکەوتنی زانیاری: ئەم شێوازە بەشێوەیەکی سەرەکی زانیاری خێراو ورد لەسەر هەواڵەکانی ڕۆژ و ڕوداوەکان دەگوێزێتەوە بۆ جەماوەر، بەجۆرێک لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار و شارەزا لەسەر ڕوداوەکانی ڕۆژ گفتوگۆ دەکرێت و بەشێوەی ڕاستەوخۆ زانیارییە نوێکان دەگوێزرێتەوە بۆ جەماوەر. ئەم جۆرە چاوپێکەوتنە زانیاری خێراو نوێ بەچەند خولەکێک و هەندێکجار بەشێوەی ڕوپێوی گشتگیری ڕوداوەکە ماوەکەی دەگاتە (١٥ بۆ ٣٠) خولەک دەگوێزرێتەوە بۆ جەماوەر. بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە گفتوگۆیە لەناو هەواڵنامەدا پێشکەشدەکرێن. (Metzler,1989, 6)

٢-چاوپێکەوتنی بیروبۆچون (ڕا): ئەم جۆرە لەچاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک یان چەند کەسێک ئەنجامدەدرێت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کە دەکرێ ڕوداوێک یان دیاردەیەک یان کێشە و پێشهاتێک بێت. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ کەسانی شارەزاو تایبەتمەند و لێپرسراوان و هەندێکجار کەسانی ئاسایی ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی ڕاوبۆچونیان لەسەر بابەتەکەو ڕونکردنەوەو شیکردنەوەو لێکدانەوەی بابەتەکە بەئامانجی دەرخستنی هەمو لایەنەکانی بابەتەکە و تەنانەت کاریگەرییە جیاوازەکانی، کە دەکرێ خاوەن ڕا کەسێکی زانا یان ئەکادیمی یان سیاسی یان هونەرمەند یان کەسێکی ئاسایی بێت. هەربۆیە بەم جۆرە چاوپێکەوتنە دەوترێت (چاوپێکەوتنی خستنەڕو)، لەم جۆرەدا دەکرێ میوانەکان ڕای جیاواز یان هاوڕابن لەسەر بابەتەکە بەشێوەیەکی گشتی ماوەکەی لەنێوان (١٥ بۆ ٤٥) خولەکدایە. (الحاج، ٢٠٢٠، ٣٣. المصري، ٢٠٢٠، ٨٠)

چاوپێکەوتنی بۆچونەکان، کەسێک میوانداری دەکرێت بۆ دەربڕینی بیروڕای لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، ئەم چاوپێکەوتنانە زۆرجار لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکان دەکرێت کە ناوبانگیان لەسەر دیمەنی نەتەوەیی هەیە میوانەکە بە پێی جۆری بەرنامە و بابەتی گفتوگۆ هەڵدەبژێردرێت، لەوانەیە میوان کەسێکی جیهانی، سیاسەتمەدار یان وەرزشوان بێت و.. هتد. (عبدالنبي، ٢٠١٤، ١٩٢)

٣-چاوپێکەوتنی کەسایەتی: دیالۆگێکە کە لەلایەن ڕۆژنامەوانێکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کەسایەتییەکی دیار و ناودار و داهێنەر و بەرپرس و شارەزا ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی پێشکەشکردنی لایەنەکانی ژیانی و زانیارییە کەسییەکانی و

ئەزمونەکانی بۆ ڕای گشـــتی. لەم جۆرە دیالۆگەدا کاراکتەری میوان تەوەری ســـەرەکی دیالۆگەکەیە، چونکە لێرەدا ئامانج ئەوەیە وێنەیەکی ڕون و تەواو لەســـەر کەســـایەتییەکە بۆ ڕای گشـــتی بخرێتەڕو، ئەم جۆرە دیـالۆگە پێویســـتی بە کەســـایەتییەکی ناسراو و خاوەن پێگەی جەماوەریی هەیە، بەجۆرێک لەئاڕاســـتەکردنی جەماوەردا پێشـــەنگ بێت. (أيوروفســـكي، ١٩٩٠، ١٨) ئەم جۆرە دیالۆگە ماوەی نێوان (١٥ بۆ ١٢٠) خولەک دەخایەنێت، بەڵام کە ماوەکەی لە (٤٥) خولەک تێپەڕی بەشێوازی چەند ئەڵقەیەک لەچەند ڕۆژێکدا پێشکەش دەکرێت. (المصري، ٢٠٢٠، ٧٥)

بەرنامەکانی چـاوپێکەوتن تـایبەتمەنـدێتی و جیاوازی زۆریان لەگەڵ ژانرەکانی تری ڕاگەیـانـدنـدا هەیە، بەڵام لەڕوی ماوەی بەرنامەکانەوە بەوە لەوانیتر جیادەکرێنەوە کە ماوەکەیان لە(١٥ بۆ ٣٠) خولەکە، هەرچەندە بیروبۆچونیتر باس لەوە دەکەن دەکرێت مـاوەکەی بەرنـامەی چـاوپێکەوتن تـا (١٢٠) خولەک بخـایەنێت، بەڵام بەئەڵقە بڵاوبکرێنەوە، لەمڕووەوە توێژەر لەگەڵ مـاوەی ئەوەنـدە زۆرو درێژدانیە بۆ بەرنـامەی چـاوپێکەوتن، چونکە دەبێتەهۆی پەرتەوازەیی تێگەیشتنی وەرگر.

## ٢-٦: دۆکیومێنتاری

بەرنامە یان فیلمی دۆکیومێنتاری، بەپێی پێناسەی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ سینەمای دۆکیومێنتاری لەساڵی ١٩٤٨دا دەڵێت: هەمو شـــێوازەکانی تۆمارکردن لەســـەر فیلم لەســـەر دیاردەیەک لەدیاردە واقعییەکان و پیشـــاندانی لەڕێی ئامرازێکی ڕاستەوخۆی ڤیدیۆییەوە یان ڕێکخستنی و پاشان پیشاندانی بە مانای ڕاستی و پێویستی پێشکەش دەکرێت. بەرنامەی دۆکیومێنتاری پشت دەبەستێت بەسێ ڕەگەزی سەرەکی: چیرۆکی ڕوداوە ڕاستییەکان (فاکتەکان)، کەسانی واقعی (فاکت)، شوێنی واقعی (فاکت). (الداود، ٢٠٢٣)

بەڕای ڕەخنەگر جۆن گریرسـۆن (Jonu greirson) کە یەکەم کەسـە ناوی فیلمی دۆکیومێنتاری هێناوە لە سـاڵی (١٩٢٦) و ڕەخنەی لەفیلمی دۆکیومێنتـاری موانـا (Moana) گرتوە، (رابیگر، ٢٠٢١، ٢٧) دەڵێـت: دۆکیومێنتـاری بریتییە لەمـامەڵەکردنی داهێنەرانە لەگەڵ ڕوداوی ڕاســـتەقینە و جیـاکردنەوەی لەفیلمەکانی تر، (دۆکیومێنتـاری چارەسەرکردنی داهێنەرانەیە بۆ ڕوداوە ڕاستەقینەکان) بەو مانایەی گواستنەوە و دوبارە بەرجەستەکردنەوەی دیاردەو ڕوداوە ڕاستەقینەکانە، بەشێوەیەکی هونەریانەی داهێنەرانە. (القيلني، ٢٠٠٧، ١٠٦)

هیلارد، دۆکیومێنتاری بە بەرزترین شـــێوەی هونەری دادەنێت، لەو هونەرانەی کە پەخشی_ میدیای تەلەڤزیۆنی پێکـدەهێنن، چونکە لێکـدانەوە بۆ ڕابردو دەکـات و پێشـــبینی بۆ داهـاتوش دەخـاتەڕو. دۆکیومێنتـاری ڕۆڵی لەبەرزکردنەوەی ئـاســـتی تێگەیشـــتنی بینەردا هەیە و هەنـدێکجـار هەمو ئەم تـایبەتمەنـدییانە لەیەک بەرنـامەی دراماتیکیدا دەخرێتەڕو کە لەیەک کاتدا ناوەڕۆکی ڕۆشنبیری و سۆزداری پیشان دەدات. (هیلارد، ٢٠١٤، ٢٣٣)

فیدراســـیۆنی نێودەوڵەتی ســـینەمای دۆکیومێنتاری هەمو شـــێوازەکانی بەڵگەنامەیی پێناســـە دەکات کە بۆ هەر ڕواڵەتێکی ڕاســتی کە بە ڕاســتگۆیی پێشــکەش دەکرێت یان دوبارە دروســتدەکرێتەوە بۆ هاندانی بینەر بەمەبەســتی فراوانکردنی ئاســتی تێگەیشــتن و زانین و هەروەها چارەســەرکردنی واقعی بۆ کێشــە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە بوارەی ئابوری و کۆمەڵایەتی. (عطا الله، ٢٠٠٣، ١٢)

دۆکیومێنتاری، جۆرێکە لە فیلمی نا خەیاڵی کە پشت بە چیرۆک نابەستێت، بەڵکو ماتریالی خۆی لە واقیعی ژیان وەردەگرێت، چ بە گواستنەوەی ڕوداوەکان ڕاستەوخۆ وەک ئەوەی کە لە ڕاستیدا ڕودەدەن و بەدوبارە شێوەپێدانی ئەم واقیعە و هەموارکردنەوەی نزیک لە واقیع، بە پێچەوانەی فیلمە هەواڵییەکان کە ڕوداوەکان چۆن ڕودەدەن وەک خۆیان وێنایان دەکەن، فیلمی دۆکیومێنتاری بەهای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بەناوەرۆکێکی درامی هەیە، ئەرکەکەی پێشکەشکردنی مەعریفە و زانیارییە بەڕێگایەکی سەرنجڕاکێش و هونەری و هاندان کە چەند شێوەو قوتابخانەیەکی هەیە. (شلبي، ١٩٩٤، ٢٩٥) دۆکیومێنتاری لەئینسایکلۆپیدیای بەریتانی نوێدا وادەناسرێت کە جۆرێکە لەفلیمی سینەمایی ناخەیاڵی بەو مانایەی کە چیرۆکی خەیاڵی تێدا نییە، بەڵکو کەرەستە سینەماییەکەی لە واقیعی ژیان وەردەگرێت و ئەم واقیعە و لێکدانەوەی واقیعەکە مەتریاڵەکەیەتی، بەئامانجی فێربون و کەیف خۆشی. (جرار، ٢٠٠١، ١٢٥)

دۆکیومێنتارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریان لە پێشکەوتنی ڕیالیزم لە فیلمەکاندا کردوە و نمونەکانی یەکەمین شێوەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتی بریتی بون لە وێناکردنی ڕوداوەکانی هاتنی بۆلشەفییەکان بۆ سەر دەسەڵات لە ڕوسیا لە ساڵی 1818-1917 کە تێیدا وێنەکان وەک پروپاگەندە بەکاردەهێنران و لە ساڵی 1922 دەرهێنەری ئەمریکی (روبرت فلاهرتی) فیلمی دۆکیومێنتی (Nanook of the North) نانوک لەباکوری نمایش کرد، کە تۆماری ژیانی ئیسکیمۆ بو، لەسەر چاودێریی تاکەکەسی بنیاد نراوە، کە وەک یەکەمین نمونەی دۆکیومێنتاریی ئاماژەی بۆ دەکرێت. هەروەها دەرهێنەری بەریتانی بروس وۆڵف لە زنجیرە فیلمێکدا شەڕەکانی جەنگی جیهانی یەکەم تۆمار دەکات، کە جۆرێک لە دۆکیومێنتاری لەسەر بنەمای لێکدانەوەی مێژو لەسەر بنەمای بابەتی کەرەستەی هەواڵی ڕاستەقینەیە. (www.britannica.com, 2022)

فەرهەنگی هونەری سینەمایی، فیلمی دۆکیومێنتاری وەک جۆرێک لە فیلمی ناخەیاڵی دەبینێت کە پشت بە چیرۆک و خەیاڵ نابەستێت، بەڵکو کەرەستەکەی لە واقیعی ژیان وەردەگرێت، چ بە گواستنەوەی ڕوداوەکان ڕاستەوخۆ وەک ئەوەی کە لە ڕاستیدا ڕویانداوە یان بە ڕێکخستنەوە و هەموارکردنەوەی ئەم واقیعە نزیک لە واقیع. (الحديدي، ٢٠٠٢، ١٨)

دۆکیومێنتاری بریتییە لەهەمو شێوازەکانی تۆمارکردنی ڕاستی دیاردەو ڕوداوەکان لەسەر فیلم و نمایشکردنیان لەڕێی ئامرازێکی ڤیدیۆیی بەشێوازی ڕاستەوخۆ یان دوبارە ڕێکخستنەوەو دارشتنەوەیان بەڕاستگۆیی بەئامانجی: (هاندانی بینەر بۆ ئەنجامدانی شتێک، فراوانکردنی زانیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ یان چارەسەرکردنی واقیعی بۆ کێشە ئابوری، کەلتوری یان مرۆییەکان)، هەروەها فیلم یان بەرنامەی دۆکیومێنتاری دەبێت ئەم ڕەگەزانەی تێدابێت، (چیرۆکێکی ڕاستەقینە، خەڵکی ڕاستەقینە، شوێنی ڕاستەقینە) کە تابلۆی ژیانی ڕاستەقینە دەکێشێت. (أوفدرهايدي، ٢٠١٣، ١٠)

لەتوێژینەوەیەکی (د. هبة حنفي) کە لەوڵاتی مسر ئەنجامیداوە هاتوە، بەشێوەیەکی گشتی فیلمە دۆکیومێنتارییە مسرییەکان ماوەکەیان لەنێوان (١٠ بۆ ٢٠) خولەکدایە کە ئەم ماوەیە زۆر گونجاوە بۆ بینەرو نابێتە هۆی بێتاقەتی و وەڕزبونی، هەروەها ئەو فیلم و بەرنامە دۆکیومێنتارییانەی کە کەناڵی جزیرەی دۆکیومێنتاری بڵاویانکردونەتەوە ماوەکانیان لەنێوان (٣٠ بۆ ٤٥) خولەکدابون، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ماوەی فیلمی دۆکیومێنتاری

لەنێوان (١٠ بۆ ٤٥) خولەکدایە. (حسـني، ٢٠١٨، ٦٦٩) لەلایەکی دیکەوە سـەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن ماوەی بەرنامەی دۆکیومێنتاری لەنێوان (٣٠ بۆ ٤٥) خولەکدایە. (عزیز، ٢٠١٣، ٦٤)

بەپشت بەستن بەو پێناسەو لێکدانەوانەی کە لەرێی سەرچاوە جیاوازەکانی سەرەوە پەیمان پێبردون، توێژەر ڕای وایە کە: بەرهەمی دۆکیومێنتاریی لە ئاراستەدا جیاوازن، بەڵام هەمویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دۆکیومێنتاری لەسەر بنەمای واقیعە نەک خەیاڵ، بەجۆرێک کەرەسـتەی دۆکیومێنتاری لە واقیعی ژیان وەردەگرێت، چ بەگواسـتنەوەی ڕوداوەکان ڕاسـتەوخۆ وەک ئەوەی کە لە ڕاسـتیدا ڕویانداوە یان بەرێکخسـتنەوەو دارشـتنەوەی واقیعەکە و لەرێی نواندن و ڕۆڵگێران وەک واقیعەکە لەماوەی (١٠ تا ٤٥) خولەکەدایە، هەرچەندە هەندێک فیلمی واقعی ژیان هەیە دەکرێت ماوەکەیان چەند سـەعاتێک بێت. بەڵام بەگوێرەی سـەرنجدانی توێژەر بۆ ماوەی پەخشی بەرنامەکان لەتەلەڤزیۆندا و بەگوێرەی ئەو سکرێپتەی کە بۆ پەخشی- ڕۆژانەی تەلەڤزیۆنەکان دادەنرێن، نابێت هیچ بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی ماوەی پەخشەکەی لە (٤٥) خولەک تێپەڕێت، کەواتە ئەو دۆکیومێنتارییانەی کاماوەکەیان لەسەعاتێک زیاترە ئەوا دەبێت بەشـێوەی زنجیرە لەتەلەڤزیۆندا بڵاوبکرێنەوە، هەروەها ماوەی پەخشی دۆکیومێنتاری لەپێگەو پلاتفۆرمەکانی ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیادا لە(٢٠) خولەک تێناپەڕێت.

کەواتە جیاوازی ئامرازی ڕاگەیاندن، دەبێتە هۆکاری جیاوازی ماوەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە دۆکیۆمێنتارییەکان، بەجۆرێک بەرهەمێکی دۆکیۆمێنتاری بۆ بڵاوکردنەوە لەئامرازێکی وەک تەلەڤزیۆن تا (٤٥) خولەک گونجاوە، بەڵام هەمان بەرهەم بۆ بڵاوکردنەوە لەپلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا تا (٢٠) خولەک گونجاوە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی وەرگرو جیاوازی بەکارهێنانەوە.

**دەرئەنجام**

لەئەنجامی گەڕان بەسەرچاوە زانستییەکانداو پشتبەستن بەو سەرچاوانە، توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانە:

١-هەمو بەرهەمە ڤیدیۆییەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بەهۆی جیاوازی لەڕوی ماوەو ناوەڕۆک و شـێوازی بەرهەمهێنانەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە، بەجۆرێک کاتێک بەرهەمێکی ڤیدیۆیی وەک (سپۆت) بەرهەمدەهێنرێت دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت ماوەکەی کورتە و لە(٦٠) چرکە تێپەڕناکات، لەهەمانکاتدا دەبێت پەیامیش بەڕونی بگەیەنێت، بەڵام بەرهەمێکی وەک (دۆکیۆمێنتاری) درێژترین ماوەی بەرهەمی ڤیدیۆییەوە لە(٤٥) خولەکدا پەیامەکان دەگەیەنێت. بەڵام هەمو بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەبچوکترین تا گەورەترین بەرهەم بەقۆناغەکانی بەرهەمهێناندا تێدەپەڕن، ئەوەی لەیەکتریان جیادەکاتەوە بەشێوەیەکی سەرەکی (ماوە)ی بەرهەمەکەیە.

٢- گەورەیی و بچوکی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان لەسـەر بنەمای ماوەکەیان لەیەکتر جیادەکرێنەوە، بەڵام لەشـێوازی بەرهەمهێناندا کەمی ماوەی بەرهەمەکە نابێتە هۆی کەمبونەوەی بەهاکەی. واتە هەمو بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بەهای تایبەت بەخۆیان هەیەو دەکرێت بەرهەمێکی ماوە کورتی وەک (سـپۆت) بەهاکەی هێندەی بەرهەمێکی ماوە درێژی وەک (دۆکیۆمێنتاری) بێت.

٣- ماوەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان زۆرگرنگن بۆ ناسـینەوەی بەرهەمەکان و بۆ ئەوەی بەرهەمێکی ڤیدیۆیی لەیەکێکیتر جیابکەینەوە سـەرەڕای جیاوازی لەتەکنیکی بەرهەمهێنان و ناوەڕۆکدا بەهۆی (ماوە)کەیەوە دەتوانین بەئاسـانی بیناسینەوە. وەک ئەوەی بەرهەمێکی وەک (ڕاپۆرت) جگە لەوەی ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەبابەتێکی هەواڵی نوێ و چەند چاوپێکەوتنێکی کورتی هەواڵی وەک (vox pop)یش لەخۆدەگرێت، بەڵام بەرهەمێکی وەک (فیچەر) ناوەڕۆکێکی درامی چیرۆک ئامێزی هەیە و بابەتێکی هەواڵی نییە، لەهەمانکاتدا جیاوازی (ماوە) بەڕونی لەنێوانیاندا دەبێتە هۆی ناسینەوەی بەرهەمەکە، چونکە لەڕاپۆرتدا ماوەکە بریتییە لە (٢) خولەک و نیو، بەڵام لە فیچەردا ماوەکەی بریتییە لە (٥ تا ١٥) خولەک.

٤- هەمان بەرهەمی ڤیدیۆیی کە بەرهەمدەهێنرێت دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت بۆ کام ئامرازی میدیایە، چونکە تایبەتمەندێتی ئامرازەکە بڕیار لەچۆنێتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە دەدات. وەک ئەوەی بەرهەمهێنانی فیلمێک یان بەرنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری بۆ بڵاوکردنەوە لەئامرازێکی وەک تەلەڤزیۆن ماوەکەی تا (٤٥) خولەک گونجاوە، بەڵام بڵاوکردنەوەی هەمان فیلم یان بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لەئامرازێکی وەک دیجیتاڵ میدیا و پلاتفۆرمەکانی سـۆشـیاڵ میدیا ماوەکەی لە(٢٠) خولەک تێپەڕنەکات گونجاوە.

## ڕاسپاردەکان

توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕو بەئامانجی کارکردن لەسەریان

١-توێژەران لەم بوارەدا توێژینەوەی زیاتر بکەن بەئامانجی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

٢- کەناڵەکانی میدیا گرنگی بەم بنەما زانستییانەی بەرهەمە ڤیدیۆییەکان بدەن.

٣-لەبواری بەرهەمهێنانی (سـپۆت) و (فیچەر)دا توێژینەوەی زیاتر بکرێت، چونکە دو بەرهەمی سـەرنجڕاکێشـن لەدنیای ئەمڕۆی بواری میدیادا.

٤-هەندێک سەرچاوە هەن، نوسەرەکانیان کەسانی پسپۆڕو شارەزانین لەبوارەکەدا، پشتیان پێنەبەسترێت وەک سەرچاوە.

٥- توێژینەوە بکرێت بە بەکارهێنانی میتۆدو ئامرازی جیاواز لەسەر هەمان بابەت.

### سەرچاوەکان

ابراهيم، محمد معوض و عبدالعزيز، بركات، ٢٠١٧. انتاج البرامج الاذاعية والتلفزيونية. دار الكتاب الحديث، القاهرة.

ابو شنب، حسين و سعد، حسين، ٢٠١٦. انتاج المواد الاعلامية. جامعة فلسطين.

أوفدرهايدي، باتريشيا، ترجمة شيماء طه الريدي، ٢٠١٣. الفيلم الوثائقي مقدمة قصرية جدا. ط١، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة.

أيوروفسكي، رايورنيسكي، ترجمة أديب خضور،1990. الصحافة التلفزيونية. المكتبة الأعلامية، دمشق.

بدر، أحمد، ٢٠٠٨. علوم الاعلام "البحث العلمي- المناهج- التطبيقات". دار قباء الحديثة للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

البقالي، محمد، ٢٠٢٢. كيف تحكي القصة في التلفزيون. معهد الجزيرة للاعلام.

الجابري، كاظم كريم و داود عبدالسلام صبري، ٢٠١٤. مناهج البحث العلمي، بغداد.

جازية، بايو، ٢٠١٩. مبادئ و تقنيات إنتاج البرامج التلفزيونية: دراسة وصفية تحليلية للاعداد البرامجي التلفزيون الجزائري نموذجا. أطروحة دكتوراه، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسة و الاعلام، قسم علوم الاعلام و الاتصال.

جرار، فاروق انيس، 2001. الرسالة والصورة: قضايا معاصرة في الأعلام. وزارة الثقافة ألأردنية، عمان.

الجفيري، محمد، ، ٢٠١٥. اعداد وتقديم البرامج الاذاعية والتلفزيونية. دار صناعه الابداع للانتاج والتوزيع، قطر.

الحاج، كمال وخضور، أديب، ٢٠٠٥. الكتابة للاذاعة والتلفزيون. مركز التعليم المفتوح، دمشق.

الحاج، كمال، ٢٠٢٠. كتابة تلفزيونية مستوى متقدم. من منشورات الجامعه الافتراضية السورية، السورية.

الحديدي، منى، ٢٠٠٢. الأفلام التسجيلية والبرامج الوثائقية. دار الكتاب، القاهرة.

حسني، هبة حنفي معوض، ٢٠١٨. رصد وتحليل الانتاج التسجيلي لطلاب الاعلام ببعض الجامعات المصرية. مجلة البحوث الاعلامية، العدد ٩٢٩٧-١١١٠.

الخضر محمد وعبد الحميد الخليل، ٢٠٢٠. مناهج البحث العلمي. من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.

خضور، أديب، ٢٠٠٢. الحديث التلفزيوني. المكتبة الإعلامية، دمشق.

خليل، رفاه فاروق، 2008. اشكال ومضامين البرامج الاخبارية في قناة الشرقية الفضائية: دراسة تحليلية لبرنامج (الحصاد) الاخباري للمدة من 2006/4/15 -2006/7/15. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام.

الداود، إياد، ٢٠٢٣. إرشادات أساسية في إنتاج وإخراج البرامج الوثائقية. معهد الجزيرة للاعلام.

الدليمي، عبدالرزاق محمد،2010. فن التحرير الاعلامي المعاصر. دار جرير للنشر والتوزيع، عمان.

رابيگر، مايكل، وەرگێڕانی لاری، حميد رضا احمدى، ٢٠٢١. كارگردانی مستند. چاپی چوارەم، انتشارات ساقی، تهران.

الرفاعی، محمد خليل، ٢٠٢٠. كتابة واعداد التقارير الاخبارية. من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية.

السيد، سعيد محمد و مكاوي، حسن عماد، 1999. الاخبار الاذاعية والتلفزيونية. جامعة القاهرة، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح.

شرف، عبدالعزيز،2003. الأجناس الاعلامية وتطور الحضارات الاتصالية. الهيئة العامة للكتاب، القاهرة.

الشرق الاوسط، 2019. الفيتشر. فن التعبير عن الحدث بجذوره التاريخية، العدد 14818.

شلبي، كرم، 1994. معجم المصطلحات الأعلامية. دار الجيل، بيروت.

الطائي، مصطفى حميد، ٢٠١٩. معايير الجودة واالبتكار في الانتاج التلفزيوني. مجلة الباحث الاعلامي، عدد 42.

عبد النبي، سليم، 2014. الاعلام التلفزيوني. ط1، دار أسامة، عمان.

العبد، نهى عاطف، 2007. صناعة الاخبار التليفزيونية في عصر البث الفضائي. دار الفكر العربي، القاهرة.

عبدالحميد، شاكر، 2005. عصر الصورة: الايجابيات والسلبيات. المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

عبدالصاحب، سعد مطشر، 2005. المضامين والاشكال الفنية للبرامج التلفزيونية في تلفزيون العراق والتلفزيون العربي السوري-دراسة مقارنة. أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام.

عبدالمجيد، شكري، ١٩٩٦. تكنلوجيا الاتصال وانتاج البرامج في الراديو والتلفزيون. القاهرة، دار الفكر العربي.

عبده، آسيا ابراهيم احمد، ٢٠١٥. دور تكنولوجيا الاتصال فى تطوير انتاج البرامج الاخبارية للراديو. أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية علوم الاتصال- قسم الراديو والتلفزيون.

عزيز، بلال على، 2013. الفيلم التسجيلي التلفزيوني من الفكرة الى الشاشة. دمشق.

عطا الله، محمود سامي، 2003. الأنتاج الوثائقي في التلفزيونات العربية. مجلة الاذاعات العربية، العدد٣، تونس.

عياد، سعيد، 2009. الأبعاد السيسيو اجتماعية لمضمون الشريط الاخباري لوسائل "الإعلام المرئية الفلسطينية وعلاقته بالسلم الأهلي". دراسة المقدم إلى مؤتمر المجتمع الفلسطيني، بيت لحم.

فايز، شاهين، ٢٠٢٠. التقرير الاخباري في نشرة الاخبار التليفزيونية: أنواعه، أهميته، عناصره، طبيعته، لغته، قوالب إعداده. مراجعة كتاب: بيومي، أشرف جلال حسن، مجله أنساق، المجلد ٤، العدان ١-٢، دار نشر جامعة قطر، قطر.

فياض، محمد أحمد، 2005. الإعلام الفضائي الدولي والعربي. دار الخليج، عمان.

القيلني، سوزان، 2007. الاتصال وسائله ونظرياته. دار الفكري المعاصر، عين شمس.

محمد، إسماعيل محمد، 1960. الكلمة المذاعة. القاهرة، الدار القومية للطباعة والنشر، ص57. (نقلا عن حيدر محمود: التغطية الاخبارية للشأن السياسي العراقي في قناة أبو ظبي الفضائية، دراسة مسحية لأخبار العراق في برنامج المدار للمدة من 1 /9 ـــ 30 /11 /2004، رسالة ماجستير غير منشورة، تقدم الى كلية الاعلام، جامعة بغداد، 2006).

المصري، عربي، ٢٠٢٠. الحديث والتحقيق التلفزيونى. من منشورات الجامعه الافتراضية السورية، السورية.

مكاوي، حسن عماد، 1989. الاخبار في الراديو والتلفزيون. مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.

نصر، محمد معوض و عبد العزيز، بركات، 2000. الخبر الاذاعي والتلفزيوني. دار الكتاب الحديث، القاهرة.

الهيتي، هادي نعمان، 2007. في فلسفة اللغة والأعلام. الدار الثقافية للنشر، القاهرة.

هيلارد، روبرت، ترجمة مؤيد حسن فوزي، 2014. الكتابة للاذاعة و التلفزيون. دار الكتاب الجامعي، ط 1، الامارات.

Beattie, V. and Jones, M. 2008. Corporate reporting using graphs: a. review and synthesis. Journal of Accounting Literature, 27. pp. 71-110. ISSN 0737-4607.

Cushion, S. 2018. Using public opinion to serve journalistic narratives: Rethinking vox pops and live two-way reporting in five UK election campaigns (2009–2017). European Journal of Communication, Vol. 33(6).

Francuz, P. 2010. The Impact of Audio Information Intonation on Understanding Television News Content. Psychology of Language and Communication, Vol 14, Issue 1.

https://e3arabi.com/media/. 6-3-2023

https://institute.aljazeera.net/ar/ajr/article/979. 6-3-2023.

https://www.airtory.com/blog/what-is-mobile-advertising-examples-types-benefits. 10-8-2021.

https://mobt3ath.com/dets.php?page=1085&title=%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%86%D9%87%D8%AC_%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9%8A_%D9%81%D9%8A_%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%AD%D8%AB_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D9%85%D9%8A. 7-8-2023.

https://www.bbc.co.uk/bitesize/guides/zqt7k7h/revision/1. 5-3-2023.

https://www.bbc.com/arabic/learningenglish/2010/08/081016_cojo_arabic_guide_3. 5-3-2023

https://www.britannica.com/art/documentary-film. 28-7-2022

https://www.google.com/search?q=banner+meaning. 25-2-2023.

https://www.manaraa.com. 31-5-2023

https://www.theregister.com/2004/03/05/wags_hijack_tv_channels_onscreen. 25-2-2023.

https://www.youm7.com/story/2015/7/31/%D9%84%D9%84%D8%B5%D8%AD%D9%81%D9%8A%D9%8A%D9%86-%D8%A7%. 6-3-2023.

https://www.youtube.com/watch?v=QG6CaP_f2Ew. 6-3-2023.

Metzler, k. 1989. creative interviewing. I.N.G, new Jersey.

Reinares. P & Lara. R . 2013. Are the New Forms of Television Advertising Beneficial for the Advertisers and the TV Management?: A Spanish Television Advertising Study. The International Journal on Media Management, vol.15, issu. 3, pp161-175.

Seow C. W (Brian). 2020. Social Media and Election Campaign on Youtube: Analyzing User-generated Video in Kaohsiung Mayoral Election. Electronic Research Journal of Social Sciences and Humanities, Vol 2, Issue1, pp 76-91.

Lee, S. Moon, W. 2017. Videostyle of televised political advertising in Korean presidential elections. Korea Observer-Institute of Korean Studies.

Reddy, S & Aronson, J. Stam, A. 1998. SPOT: Scheduling Programs Optimally for Television. Management Science, Vol. 44, No. 1, pp 1-148.